


# چەند گرانە تاریکی چاو بەناو ڕۆحدا گوزەر بکات
# ئەوەی ئاهەنگە لای خەڵکی تۆ بەشیوەن هەر دەبییستی

# مستەفا عەقاد ( گیانی سپارد )



گەورە دەرهێنەری سەینەمای جیهانی بەرەگەز سوری(مستەفا عەقاد) بەسەختی برینداربوو ئێوارەی هەینی لەنەخۆشخانەیەکی شاری عەمان گیانی سپارد، عەقاد دەرهێنەرێکی ناسراوو گەورەی بواری سینەمابوو لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهانو لەکاتی کردەوە تیرۆرستییەکەی یەکێك لەو سێ هوتێلەدا لەوێبووەو پێشوازی لە(ریما)ی کچی کردووە کەهاتبوو داوەتی بکات بۆ ئاهەنگی شووکردنەکەی. لەو وەختەدا هوتێلەکە دەتەقێتەوەو دەستبەجێ (ریما) دەمرێو (عەقاد)یش بەرەو نەخۆشخانە دەگوێزرێتەوە. دوێنێش لەرێو ڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانو کەسایەتییە هونەریو حکومەییەکان تەرمی (عەقاد) لەعەمانەوە بەرەو سوریا بەڕێکەوتو بڕیارە لەدیمەشق بەخاك بسپێردرێ.

## داهێنانێکی نوێ

لە داهێنانێکی نوێدا زانەیەکی ئەمریکی توانی ئامێریك بۆ ئامادەکردنی دابهێنێ، ئە زانایە نزیکەی ١٠ ساڵە خەریکی ئامادەکردنی ئاوە لە هەوای سروشتی، کە توانی دوو گەردیلەی هایدرۆجینو یەك گەردیلەی ئۆکسجین لە هەواوە لە رێگای ئامێرەکەوە رابکێشێتو دواجار بەو رێگایە ئامادە دەبێت.

## نێرینەی مشك گۆرانی بۆ مێینەکەی دەڵێت



لێکۆڵەرەوەکانی ئەمریکا گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە مشکی نێرینە لە پێناوی بەستنی پەیوەندی هاوسەرێتی گۆرانی بۆ مشکی مێینە دەچرێت، ئەویش لە ئەنجامی تۆمارکردنی دەنگی چەندین مشکدا دەرکەوتووە، ئەم دیاردەیە ،ئەم دیاردەیە شێوازێکی بلاوە لە نێوان باڵندە و نەهەنگ و بۆق و.....هتد کەلەرێگای دەنگێکی تایبەتەوە دەیانەوێ، دڵی مێینە رازی بکەن. ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر ٤٥ مشك ئەنجامدرا دەری خستووە ئەو گۆرانیانە مرۆڤ ناتوانێت گوێ بیستی بێت، ئەویش بە هۆی بەرزی شەپۆلەکانی، بۆ مەبەستی گوێگرتن زاناکان گۆرانیەکانیان لەسەر کۆمپیوتەر تۆماکرد تاکوو بە ئاسانی مرۆڤ بتوانێ گوێی لێبێت.

## دادگەییکردنی بچووکترین پیاو



منداڵێکی ٤ ساڵەی دانیشتووی گیشای ئێران بە تۆمەتی ئەوەی تۆز و خاکی کردۆتە چاوی منداڵێکی ١٠ ساڵە راپێچی بەردەم دادگەکرا. (میر حوسێن ) بەوە تۆمەتبار کراوە لە کاتی یاری کرندا لەگەل مندالأنی گەرەك مشتێك خاکی بە چاوی هاوکارێکی خۆیدا کردووە زیانی پێکەوتووە. دایك و باوکی ئەو لاوە تەمەن دەساڵەیە داوایان لە دژ میر حوسێنی ٤ ساڵە تۆمارکردووە، بەلأم دایکی میر حوسێن دەڵێ تۆمەتێکی نارەوایەو خراوەتە ئەستۆی کوڕەکەی منەوە چونکە لە کاتی یاریکردندا منداڵەکەی من لە هەموویان بچووکتر بووە، ئەمەش بیانۆیەکی لە بار بووە بۆ هەڵبەستنی ئەو تۆمەتە.

# لەو دیوی خەونەکا نمانەوە

دووەم فلمی ( هونەر سەلیم) ە کە باس لە دوو لاو دەکات لە ئاکامی کۆچدا کوردستان جێدێڵن بە ئومێدی دابینکردنی ژیانێکی نوێو ئازاد لە ( پاریس) دا، ڕووداوەکانی ئەو فلمە خەمەکانی ئەم دوو لاوە لە بەرگێکی کۆمیدیو تراژیدیدا بەر جەستە دەکات کە لەو رێگا سەختو لە گێژاو و پڕ سنووورەدا دووچاری دەبن، هەر لەسەرتاوە (دلۆڤان) و (زارا)، زاڵدەبن بەسەر چیا بەبەفر داپۆشراوەکانی (قەوقاس) دا ئەوان لە بێ دەرفەتی دایە کە دەڵێن بێ ولأتین، دلۆڤان چارەنووسی خۆی لە بەرامبەر ڕووداوەکان دەگۆڕێتو شوێنی لە دایك بوونو زێدی خۆی کە (میزۆپۆتامیا) یە بە جێ دێڵێ



# دۆزینەوەی گەنجینەیەك لە گۆڕی یەکەم ئیمپراتۆری چیندا



چەند زانایەکی شوێنەوار ناسی کە ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر گۆڕی یەکەم ئیمپراتۆری چین دوای ئەنجامدانی رووپێوێکی رووناکی موگناتیسی رایانگەیاند لەوانەیە لە گۆڕی ئیمپراتۆری چین (کین) گشت پارەکانیشی نێژرابن چونکە بە پێی ئەنجامی رووپێوە موگناتیسییەکە بڕێکی زۆری پارە لە گۆرەکەدا هەیە کە تا ئێستا نەکراوەتەوە، ئەو گۆرستانە دەکەوێتە نزیك شاری (xian ) ی کۆنو لە ساڵی ١٩٧٦ ناوبانگی دەرکرد دوای ئەوەی پەیکەری ٨ هەزار سەربازی تێدا دۆزرایەوە کە پاسەوانی شارەکەیان کردبوو، ئیمپراتۆر (کین) لە نێوان ساڵانی ٢٢١ و ٢١٠ ی بەر لەدایك بوونی مەسیح ولأتی چینی یەك خستو چینییەکان دەڵێن چەند ساڵێك خەریکی دروستکردنی ئەم گۆڕستانەبوو. زانایان لە ترسی ئەوەی گوڕەکە تێك نەچێت دەستکاریان نەکرد هەر چەندە بە پێی رووپێوەکە زانیاری تەواوی دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی گۆڕکەو بڕی ئەو پارەیەی کە تێیدایە.

# حاڵۆ ئەواکس دەڵێ



* بەرپرسی لایەنێك گوتویەتی: -" هەرچەندە دەزانین ئەمجارەشیان لەهەڵبژاردن دەنگی پێویست ناهێنین، بەلأم بۆئەوەی ناومان لەناوناوان دا هەبێ، سندان لەو چەند هەزار دۆلارەش بدات، هەربەلیستی سەربەخۆ بەشداری دەکەین".

* بەرپرسیلایەنێك گوتبووی: - " باشترین خزمەت بەکورد، ئاقڵترین سیاسەت ئەوەیە لەکۆبوونەوەی فراوانی حیزبەکاندا قسەنەکەین وبێدەنگ دابنیشین، چونکەئەگەر ڕەخنە بگرین گەورەکان لێمان توورەدەبن، ئەگەر ماستاویش ساردبکەینەوە، بچووکەکان گاڵتەمان پێدەکەن ".

* بەرپرسی واهەیە کاروانێك سەیارەی بێ ژمارە بەدوای خۆیدا ڕیزدەکات و پۆلیسی هاتووچۆش بۆی نیە ورتە بکات، بەلأم ئەمردەکات سەیارەی بێ ژمارەی هاولأتیان دەستیان بەسەردابگیرێ و ئەوسەیارانەی ژمارەی پارێزگاکانی دیکەشیان لێبەستراوە، ڕێگەی کارکردنیان پێنەدرێت.

* بەرپرسێك بەژنەکەی خۆی گوتووە: ـــ " ئەوجارە کەهاتم بۆسەردانتان چەندین دەفتەر دۆلارتان بۆدەهێنم، چونکە لەفڕگەی خۆمانەوە سواردەبم و لەفڕگەتی شارەکەی ئێوە دادەبەزم و ترسی گیرانی دەفتەرە دۆلارەکانم نییە، ئەوجارە وەکو جارەکانی ترنابێ، ناتوانن دەستی بەسەر دابگرن".

* دەستەلأتداران نەیارانی خۆیان دەگرن و شوێن بزریان دەکەن، ئەگەرخەڵکی لەسەر گیراوەکە بەدەنگ هاتن، ئەوە لەکۆڵ خۆیانی دەکەنەوە بەدادگەیدەسپێرن،ئەگەر کەسیش لێی نەپرسیەوە، دوای ماوەیەك فتی دەکەن و وا بلأودەکەنەوە کە تیرۆریستان ڕفاندوویانە و کوشتویانە.

## خواردنی هێلکەو مریشك نەخۆشی ئەنفلۆزای مریشك دروست ناکەن

دەسەلأتدارێتی ئەورووپا بۆ ئاسایشی خواردەمەنی کە بارەگاکەی لەبارمای ئیتاڵیایە،رایگەیاند کە خواردنی هێلکەو مریشك تا ئێستا نەبۆتە مایەی گواستنەوەی ڤایرۆسی ئەنفولزای مریشك بۆ مرۆڤ بەتایبەتی گەرباش بکولێت، هەر وەها تائیستاش هیچ بەلگەیەك نییە کە ئەو ڤایرۆسە لە رێگای خواردنی مریشکەوە بگاتە مرۆڤ ، بەلأم بە دووریش نازانرێت، ئەو سەرچاوەیە بۆ پارێزگاری مرۆڤ لەو نەخۆشیە ئامۆژگاری کولأندنی پێویستە، هێلکەو مریشكو ....هتد دەکات چونکە بە دڵنیاییەوە بەو شێوەیە دەبێتە هۆی کوشتنی ڤایرۆسەکان.

# ئایرۆنی

جەبار سابیر

## بیری ئێرتیوازیو.. بیری حکومەت

رەنگە بەلاتەوە سەیربێت ناونیشانی بابەتێك بەو جۆرە بێت، بەلأم ئیتر لێرەوە هیچ شتێك سەیرنییە بۆ چی سەیربێت، ئەو بیرەی حکومەت لەخەڵکی دەکاتەوە قولێیەکەی یەك سانتیمەتر نابێت لەکاتێکدا بیری ئێرتیوازی لەپێناوی قومە ئاوەکیدا سەد مەتر بەناخی زەویدا دەرواتە خوارێ، ئەو قیرەی شارەوانی سلێمانی شەقامەکانی پێ قیرتاو دەکات دە تا پازدە سانتیمەتر دەبێت، بەلأم ئەو چالأنەی دواتر شارەوانی سلێمانی لەسەر قیرەتازەکە دروستیدەکاتەوە دە بۆ پازدە مەتر دەبێتو ئیتر نایات بەلایداو پڕی ناکاتەوە تامنالێکی تێدەکەوێو دەخنکێ.

پەیوەندی خەڵكو حکومەت یان حکومەتو خەڵك پەیوەندییەکی جەدەلییانەیە بەومانایەی چەندە حکومەت دڵسۆزی خەڵك بێت ئەوەندەش خەڵك ئەو حکومەتە بەحکومەتی خۆیان دەزانن، گەر بەپێچەوانەوە بوو ئەو کات خەڵکیش حکومەتەکە بەحکومەتی خۆی نازانێتو بەتەنگ داواکارییەکانییەوە ناچێت وەك چۆن بینیمان خەڵك لەڕاپرسی دەستووردا زۆرکەم دەنگیدا.. ماوەیەکە بیری ئێرتیوازی زۆربووەو هاوکاتیش بۆ جارێکیتر خەڵك بەناچاری پەنای بردەوە بەر هارە هارێ مۆلیدە، ئێ خەڵك چیبکات نایەوێ وەك بابوو باپیرانی بژیو دەیەوێ وەك مرۆڤو وەك خۆی بژی، لێرەوە پەیوەندییەکانی خەڵكو حکومەت نەك هەر درزی تێدەکەوێ بەڵکو دەلاقەیەکی گەورەی تێدەکەوێ بەقەد گەورەیی ئەو پارەو پوولەی مانگانە دەچێتە گیرفانی دابەستەکانی حزبو حکومەتەوە. ئاخر حکومەتێك ئاو بۆ خەڵك دابین نەکاتو کارەبای وەك پێویست نەداتێ خەڵك تووشی شەو کوێریو دڵەکزە بکات دەبێ چۆن خۆی بەحکومەتی خەڵك بزانێت، ئێستا خەڵك زۆر کەمتر تەلیفۆنی حکومیش بەکادێنێتو هەرماڵێك نیو دەرزەن مۆبایلی تێدایە، پەیوەندی ئێستای حکومەتو خەڵکی کورد تەنیا لەکاتی وەرگرتنی پارەی ئاوو کارەبادا دروست دەبێتەوە ئەو تۆزە ئاوو کارەبایەی حکومەت شەوو ڕۆژی جارێك یان هەفتەی دووجار دەیداتە خەڵك تەنیا بۆئەوەیە سەری مانگان پارەکەی لەهاولأتیان وەرگرێت، برادەرێکم وتی سێ ساڵە ئاو بەبەلوعەی ماڵەوەماندا نەهاتۆتە خوارەوەو ناچار بیرێکی ئێرتیوازیم لێدا و چووم بەدائیرەی ئاوم وت بەلوعەو تۆڕی ئاوەکەم لەڕەگەوە بۆ دەرکێشن خۆمن تائێستا پەرداخێ ئاوم لێنەخواردۆتەوە، کەچی کاکی مودیر وتبووی برۆ کاکە برۆ چۆن هەڵیدەکێشین ئێمە هەموو مانگێك پارەی خۆمان لەتۆ وەردەگرینو تۆش کەیفی خۆتە.

سەرباری ئەوانەش حکومەت ناتوانێ نەوتو بەنزینو غازیش بۆ خەڵك دابینکات هەموو زستانێك وەك بەڵێنیان بەمەسئولێك دابێت دەوڵەمەندیکەن ئەزمەی نەوتو بەنزینو غاز دروستدەکەنو خەڵك دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش دۆزینەوەی سووتەمەنی، ئاخر رەوایە حکومەتێك نەتوانێ ڕۆژانە سەد تەنکەری خۆی دابینکات بۆ هێنانی سووتەمەنی کەچی کابرایەکی دەوڵەمەند بەپشتی مەسئولێك بتوانێ.؟ من ئەم پرسیارە لەحکومەت دەکەم حەزئەکەم وەڵامێکی قەناعەت پێکەرم چنگ کەوێت هەرچەند دەشزانم وەڵام هەرنییە.!

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com